# دەیڤد هیوم
# David Hume



**ئا.لەئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود**

فەیلەسوف، مێژووناس، ئابووریناس و وتارنووسی سکۆتلەندی دەیڤد هیوم زیاتر وەک فەیلەسووفی ئەزموونگەرایی و گومان ناسراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا هیوم بەشدارییەکی گەورەی هەبووە لە دنیای ئەدەب و بە یەکێک لە فەیلەسووفە دیارەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا و بە یەکێک لە رۆشنگەرانی سکۆتلەندا دادەنرێت.

پێچەوانەی فەیلەسووفە عەقلانییەکان، بەتایبەتی دیکارت، ئەو پێیوایە ئەوەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ ئاڕاستە دەکات ژیری نییە، بەڵکو ئارەزووە هەربۆیە دەڵێت: «عەقڵ کۆیلە و پێویستە کۆیلەی ئارەزوو بێت». هەروەها بە توندی ئەرگومێنتی دەربارەی «ئایدیای ناوەکی» کردووە و پێیوایە مرۆڤ زانیاری تەنها دەربارەی ئەو شتانە هەیە، کە پێشتر ئەزموونی کردوون. لەبارەی (ئەخلاق)یشەوە، هیوم بۆچوونی وایە کە بناغەی ئەخلاق برینییە لە هەستەکان، نەوەک پرەنسیپە مۆراڵییە ئەبسنراکەکان. ئەم تێگەیشتنەش زیاتر دەچێتەی چوارچێوەی دیدگای فەیلەسوفە ویژدانییەکانەوە، نەوەک عەقڵانییەکان. لەگەڵ ئەوەی هیوم کاریگەریی گەورەی لەسەر فەیلەسووفەکانی نەوەی دوای خۆی هەبووە، بەڵام تیۆرەکانی لەلایەن فەیلەسووفە هاوچەرخەکانییەوە جێگای گرنگی نەبوون.

دەڤید هیوم ساڵی 1711 لە شاری ئێدنبێرگ لە سکۆتلەندا لەدایک بووە و لە زانکۆی ئێدنبێرگ خوێندوویەتی. بەهۆی دۆزینەوە زۆرەکانی لە بواری فکردا، ساڵی 1729 تووشی داڕمانی عەصەبی دەبێت و ئامردنیشی بەتەواوی ئەو نەخۆشییەی چاک نەبوەوە. ساڵی 1734 دەچێت بۆ فەرەنسا و لەوێ یەکێک لە کاریگەرترین کتێبەکانی دەنووسێت، ئەویش بەناوی (A Treatise of Human Nature - کتێبی سروشتی مرۆڤ). ساڵی 1737 دەگەڕێتەوە بۆ ئینگلتەرا، پاشان بۆ ئێدنبێرگ. لە هەموو ئەو هاتوچۆیانەدا هیوم بەردەوام دەبێت لە نووسینی کارە فەلسەفییەکانی بۆ نمونە (مێژووی ئینگلتەرا- The History of England)، (وتارە فەلسەفییەکان دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ -Philosophical Essays Concerning Human Understanding)، (ژیانی خۆم- My Own Life). ساڵی 1776 بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات. هیوم هاوسەرگیری نەکرد، هەر بۆیە هیچ منداڵێکیشی لەپاش بەجێ نەماوە.

تێگەیشتنی هیوم بۆ پرسیاری سەرەکیی فەلسەفە و دووبارە داڕشتنەوەی ئەزموونگەرایی و تێگەیشتنی بۆ زانستی سروشتیی مرۆڤ کاریگەریی گەورەی خستەسەر داهاتووی فەلسەفەی خۆرئاوا. هەروەها تێزو بۆچوونەکانی هیوم کاریگەریی فراوانیان هەبووە لە گەشەپێدانی فەلسەفەی رەخنەگرانەی ئیمانوێل کانت و فەلسەفەی وەزعی ئۆگۆست کۆمت. هەر لەو بارەیەوە شۆپنهاوەر دەڵێت «لەیەک لاپەڕەی دەڤید هیوم زیاتر فێردەبین وەک لە کۆکراوەی کارە فەلسەفییەکانی هێگڵ و هێربرت و شلماخیەر بەیەکەوە». هەروەها کانت وەسفی هیوم دەکات و پێیوایە کارەکانی هیوم ئەمی لە خەوی دۆگمابوون بێدار کردوەتەوە.

سەرچاوەکان:

1. http://en.wikipedia.org/wiki/David_Hume
2. http://www.philosophers.co.uk/david-hume.html
3. http://www.britannica.com/EBchecked/topic/276139/David-Hume
4. http://www.livingphilosophy.org.uk/philosophy/David_Hume/David_Hume_Quotes.htm